ئەم بابەتە لە بەرواری 2013/12/21 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

**چی ڕوودەدات کاتێك مرۆڤەکان چاویلکەیەك دەکەن بە پێوەر بۆ تێروانین؟ چاویلەکەی خواردن دەکرێتە پێور بۆ ژینگەی دەوروبەر. کاتێك چاویلکە لۆ تێروانین دروستدەکرێت گۆشەی بینین چی بەسەر دێت؟**

**بەهەشت دەگۆڕێت..**

**ئایا ڕێگە هەیە کە بتوانی وابکەیت کە بە فێڵ و بە مەبەستێکی دیاریکراو تێروانینت دەنەڕێژرێتەوە؟**

**ئایا دەکرێت خۆمان بپارێزین لەم هەڵەیەی ئادەم(علیه السلام) تێیکەوت؟ پێداچوونەوە واتە قیرائەکردن**

**قیرائەی ئەرێنی و قیرائەی نەرێنی و بەرهەمیان چییە؟ چ شتێکە وا دەکات ئەنجامی قیرائەکردنەکە باش بێت یان خراپ بێت؟ ئامانج لە قیرائەکردن ناسینی (رب) و (الخالق)ە،**

**ئێمە کو خودای دەناسین؟ یادکردنی پەروەردگار چییە؟**

**لەگەڵ خودابوون (مع الله)**

**مەخلوقەکان سروشتین یان خولقێنراو؟ فەلسەفەی لەگەڵ خودا ژیان و بەبێ خودا نەژیان.**

**چی ڕوودەدات کاتێك مرۆڤەکان چاویلکەیەك دەکەن بە پێوەر بۆ تێروانین؟**

ئەم بابەتەم لە ساڵەکانی نەوەتەکانەوە لۆ چەند جارێك خستۆتەڕوو، بەڵام هەرجارە و بە شێوازێك، ئێمەی مرۆڤ کە وەکو مەخلوق لەم گەردوونە دەژین ئەوەی ناومان ناوە بە گەردوون، خودای ڕەحمان مرۆڤی ژمارە یەك و دووی خەلقکرد، لەسەر ئەم زەوییە و زەوییەکەشی لۆ کردن بە بەهەشت و لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی خودای ڕەحمان بوون، بیکە و مەیکە (إفعل و لا تفعل) جارێ لە گۆڕێ نەبوو، یەك شت کە لێیان داوا کرابوو، ئەویش خواردن (وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا)(البقرة35)، لەبەرامبەر ئەو خواردنەش یەك شتیان لێ داواکرابوو، کەوا یەك شت مەخۆن، و هەرچی هەیە بیخۆن لە بەرامبەردا تەنیا یەك دانە مەخۆن، زۆرجار مرۆڤ وای لێ دێت کە هەندێ پێوەر دێتە سەرچاوەکانی، جا لەوانەیە ئەو پێوەرەی کەوتۆتە سەر چاوەکانی خۆی لۆ خۆی دروستی کردبێت، ئینجا کە سەیر دەکات، وەك ئەوە وایە خۆی چاویلکەیەکی لەسەر چاوەکانی دانابێت، کاتێك دەڕوانێت لۆ نموونە چاویلکەکەی کە کردوویەتی بە پێوەر ڕەنگی پەمبەیە، بێگومان کە بەم چاویلکەیەش تەماشای دونیا دەکات، دونیا بە هەمان ڕەنگ دەبینێت.

باشە ئەگەر هاتوو چاویلکەکەی لەسەر چاوەکان(العین)ی نەبوو بەڵکو لەسەر بینینی (بصر)ی بوو! زۆرجار گووتومانە ئەو ئامێرەی پێ دەبینین لە زمانی عەرەبی پێی دەگووترێت (العین)، کرداری بینین کردارێکە پەیوەندی ڕاستەخۆی بە چاوەوە نیە، لەوانەیە مرۆڤەکە خۆی لۆ خۆی کۆمەڵێك چاویلە لۆ چاوەکانی دروست بکات، لە ڕێگەی ئەو چاویلکانەوە تەماشای شتەکان بکات.

**چاویلەکەی خواردن دەکرێتە پێور بۆ ژینگەی دەوروبەر**

**چاویلکەی درۆیینەی دیکەش هەیە..**

ئادەم پەیامبەر(رسول) نییە (نبي) بووە، کۆمەڵێك شت فێرکراوە، پێیگووتراوە ئەوەی بخۆ و ئەوەی مەخۆ، ئادەم(علیه السلام) چاویلکەی سکی خۆی لە چاوی کردبوو، بە سکی تەماشای شتی دەکرد، لۆیە کە فەرمانی پێکرا(وَكُلاَ مِنْهَا رَغَداً حَيْثُ شِئْتُمَا)(البقرة35)، یەك فەرمانی پێکرا، ئەی (ئادەم) بە هەوەسی خۆت بخۆ بەڵام نزیکی ئەو دارەی مەکەوە، ئەوەی باسی دەکەم لۆ نزیککردنەوەیە و نموونە دێنمەوە لۆئەوەی تێمبگەن، چاویلکەیەکی لەبەر کردبوو تەنیا بخوات، و خواردی، تەنیا دارێك هەبوو پێی گووترابوو لەم دارەی مەخۆ، کەسێك هەبوو و هات چاویلکەکەی لۆ گۆڕی، ئەم چاویلکەیەی هی خواردن بوو، چاویلکەی دووەمی لۆ دانا کە ئەویش چاویلکەی موڵك(الملكية) بوو خۆشەویستی موڵکداری (حب التملك)، چاویلکەی دووەمیشی پێ دانا و چاویلکەی سێیەمی لۆ دانا، کە چاویلکەی مانەوەی هەتا هەتایی بوو: (فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَى)(طه120).

**کاتێك چاویلکە لۆ تێروانین دروستدەکرێت گۆشەی بینین چی بەسەر دێت؟**

ئەگەر سەیری ئادەم(علیەالسلام) بکەین ئەو لە بەهەشت بوو و ئەوەی لە بەهەشتیش بوو هی ئەوبوو، ئەو کەسەی لە بەهەشتیش بێت نەمرەو هەتا هەتایە، کەواتە فێڵی لێکرا و ئەو چاویلکەیەی لەچاوی کرا، کاتێك کە گۆشەی بینینی گۆڕدرا، هەڵسەنگاندنیشی دەگۆڕێت! ئەو وێنەیەی کە بەهۆی چاویلکەی یەکەمی دەیگرێت بە جۆرێك دەیگرێت، جیایە لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە بە چاویلکەی دووەمی دەیگرێت و جۆرێکی دیکەیە، ئەو کامێرەیەی کە وێنەمان دەگرێت ئەگەر بێتوو لە بەرامبەرمان جێگیرکرابێت، ئەوا وێنەکەی بە جۆرێکە و ئەگەر لە لا تەنیشتێکەوە بێت جۆرێکی دیکەیە، لۆ نموونە لەلای چەپەوە وێنەمان بگرێت گۆشەکەی دەگۆڕێت، ئەوکاتە وێنەکە لە گۆشەیەکی ترەوە دەگرێت و جیا دەبێت لەگەڵ وێنەی یەکەمی، ئەگەر بچێتە لای ڕاستەوە ئەوا وێنەکە لەگەڵ وێنەی یەکەم و دووەم جیاواز دەبێت، ئەمە ئەگەرچی هەر خۆمانین و ئێمە نەگۆڕاوین، هەرکاتێك چاویلکە لۆ تێروانینی مرۆڤ دروستکرا، ئەوا تێروانینی مرۆڤەکە دەگۆڕێت، ئەو کەسەی کە توانی چاویلکەی یەکەم لە چاوی ئادەم لابدات و دووەمی لۆ دابنێ و ئینجا سێیەمی لۆ دابنێ بوونەوەرێکی زیرك بوو، نەك عاقل، بە کردەییانە توانی فێڵی لێبکات.

**بەهەشت دەگۆڕێت..**

ئینجا ئادەم بەخۆڕاگەیشت! و زانی کەوا فێڵی لێکراوە، دوای ئەوەی کار لەکار ترازا بوو، یەکسەر بەهەشت گۆڕا، ئەو زەوییەی کە لەناوی بوو بەهەشت بوو گۆڕدرا بووە زەوییەکی ئاسایی و سروشتی، کاتێك زەوییەکە بووە زەوییەکی ئاسایی، دەبێ ئادەم سەرلەنوێ هەرچی وێنەبوو کە گرتبووی هەمووی دووبارە بگرێتەوە.

**ئایا ڕێگەیە هەیە کە بتوانی وابکەیت کە بە فێڵ و بە مەبەستێکی دیاریکراو تێروانینت دەنەڕێژرێتەوە؟**

لۆیە بڕواتان هەبێت ئەگەر ئادەم بە بڕوای من تەنیا (30) چرکە ڕابوەستابایا، کە پێیان گووت ئەوەی پێتگووتراوە بەم جۆرە نییە و بەم جۆرە تەماشا بکە، تەنیا بەرامبەر دارەکەی بوەستابایا، ئایا بە کردەییانە ئەو دارە ئەو دوو هێزەی هەیە تاکو بیداتە ئادەم؟ (30) چرکەکە بەس بوو لۆ ئەوەی ئادەم بڕیاری هەڵە نەدات، و ئادەم بەم هەڵەیە تێنەپەڕێت، بەڵام نەوەستا، و کێشەی هەموو مرۆڤایەتی و بەشەرییەت ئەم ڕانەوەستانەیە، هەر ئەوەشە ئێمە دەباتە جەهەنەم، هەر کارەسات و کێشەیەك دروست دەبێت لەوەیە کەوا مرۆڤەکە هەڵسەنگاندنی نییە، و توێژینەوە ناکات، و ڕاناوەستێت و بیربکاتەوە، ئەو چاویلکەیەی لە چاوەتی بگۆڕێت بە چاویلکەیەکی دیکە، ئەوەی ناکات، کاتێکیش ئەوەی ناکات تووشی کێشە دەبێت، ئەو بارەی کە ئەو تێیکەوت ئێمەش هەمان کێشەی ئادەممان هەیە، ئێستا و بەردەوامیش دەمانبێت.

کاتێك هاتە سەر زەوی ئەو شتانەی سەر زەوی نەبینیبوو، و دەبێ سەرلەنوێ ئیش لەسەر خۆی بکاتەوە، و سەرلەنوێ وێنەی ڕاستەقینەی شتەکان بگرێتەوە، ئینجا ئەوە زەوییە و ئەوە ئاسمانە و ئەوە بارانە و ئەوە مرۆڤە و...، دەبێ دیسان ئیش لەسەرخۆی بکات و وێنەیان بگرێ و بزانێ کردەییانە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کاروبارانە دەکات.

دێینە سەر باسی نەوەکانی ئادەم(بني آدم)، لە شەش جێگە لە قورئان باری تعالی باسی (بني آدم) دەکات، واتە بە جۆرێك پەیوەندییەکی لەگەڵ خودی ئادەم(علیە السلام) هەیە، سیفەتێکی ئادەم لەم (بني آدم)ەی هەیە، کە پێیگووتراوە (بني آدم) یەك لەمانە کە دەفەرموویت: (يَا بَنِي آدَمَ لاَ يَفْتِنَنَّكُمُ الشَّيْطَانُ كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَا إِنَّهُ يَرَاكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُ مِنْ حَيْثُ لاَ تَرَوْنَهُمْ إِنَّا جَعَلْنَا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاء لِلَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ)(الأعراف27)، باسی ئادەم دەکات و باسی (نزع اللباس) دەکات لە چ کاتێك کاتێ: (كَمَا أَخْرَجَ أَبَوَيْكُم مِّنَ الْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَاتِهِمَا)، ئەم بابەتە هەستیارە و زانایان (خودا بیانبەخشێت) چوونەتە سەر ئەو ڕایەی کەوا مەبەست لەم (لباس)ە ئەو جلانەیە کە خەڵکی لەبەریان دەکات، بەڵام بابەتەکە بەم جۆرە نییە، لەبەرئەوەی لایەنی سێیەم زیرەکانە توانی شتێك لە مێشکی ئادەم دابنێ، و چاویلکەکەی بەرچاوی دیدی گۆڕی بەمەش گۆشەی بینینی گۆڕی، لەمەوە تووشی ئەم گێچەڵەی کرد کە ئێمە ئێستا تێیداینە.

**ئایا دەکرێت خۆمان بپارێزین لەم هەڵەیەی ئادەم(علیە السلام) تێیکەوت؟**

لۆئەوەی کردەییانە لەم دۆخە ڕزگارمان بێت ئەو وێنانەی کە لە مێشکمان دروستکراوە لۆمان تاکو سەرلەنوێ ئەو وێنانە دەستکاریی نەکەینەوە و ڕێکی نەکەین، سەرلەنوێ ئیشی لەسەر نەکەینەوە، ئەوا هەمووومان وەکو (ئادەم)ین و هەموو

ساتێك دەشێ ئەو هەڵانەی کە کردەییانە ئێمە پیادەی دەکەین بەردەوام بێت، ئێمە کێشەمان چییە؟ وەکو ئادەم وێنەمان لە مێشکدا هەیە، کە دەکرێ ڕاست بێت و دەکرێت هەڵە بێت، ئێمە تاکو ئێستا بەم وێنە هەڵانە ئیش دەکەین، لە هەموو تاك تاکی ژیانمان بەم وێنە هەڵانە جووڵە دەکەین، زۆربەمان ئەگەر هەموومان نەبێت لە تاقیکردنەوەین، ئینجا وێنەکانیش لە هەموو بوارێکی ژیانی ڕۆژانە.

**پێداچوونەوە واتە قیرائەکردن**

هەر یەکێك لە ئێمە ڕۆڵەی دایك و باوکێکە و لە نێو خیزانێك و واقیعێکی دیاریکراو گەورە بووینە، و هەریەکە پێناسەیەکی تایبەتمان هەیە لۆ ژیان، مەرج نییە لە وردەکاری ئەو پێناسانەمان یەکگربین، لۆ نموونە گەر ئێستا بپرسم چەند کەس حەزی لە ڕەنگی پەمبەیە؟ چەند کەسێك حەزی لێیە و ئەوانی دیکە حەزیان لە ڕەنگێکی دیکەیە، کەواتە جیاوازی هەیە لە گۆشەی بینین، یان نموونەیەکی دیکە بێنینەوە، کەسانێك هەیە لەوانەیە زۆربەی خەڵکی حەزی لە برنج بێت، بەڵام مەرج نییە هەمووی حەزی لێبێت، لەوانەیە کەسیش هەبێت حەزی لێ نەبێ، یان کەسانێك هەبن هەردەم حەزیان لە ئیسراحەت بێ، کەواتە لە رەنگ و لە خواردن و لە خواردنەوە و جۆرەکانی جلوبەرگ و جۆرەها جووڵە و جۆرەها تێگەیشتن و چەمك و جۆرەها وشە هەن، ئەم جیاوازییانە هەمووی لە ئەنجامی جیاوازی لە تێڕوانین و گۆشەی بینینەوە دروست دەبێ، لەوانەیە ئەمانە هەمووی پێداچوونەوەی بوێت، ئینجا هەرکاتێك و لۆ هەرشتێك دانیشتی پێداچوونەوەی بکەیت ئەوە بریتیە لە قیرائە.

**قیرائەی ئەرێنی و قیرائەی نەرێنی و بەرهەمیان چییە؟**

دەپرسین قیرائە چییە؟ قیرائە ئەوەیە کەوا دەبینیت وێنەیەك لە مێشکت هەیە گومانت هەیە ئایا ئەو وێنەیە ڕاددەی ڕاستەقینێتی چەندە؟ ئەوە پێی دەگوترێت قیرائە، هەرکاتێك ئەنجامێکی ئەرێنیت هەبوو ئەو قیرائەکردنە ڕاست و دروستە، و وێنەیەکی نوێت لە مێشکی دروستکرد، بەڵام ئەگەر وێنەکە نەرێنی بوو ئەوا قیرائەکە نەرێنییە و ئەنجامێکی نەرێنی لێ دروست دەبێ، ئەوە مانای چەمکی قیرائەیە، ئینجا هەرشتێك لەسەری وەستایت و ویستت پێداچوونەوەی لۆ بکەی و ئەنجامێکت لۆ دەربچێت و لۆت ڕوونبوویەوە کەوا وێنەیەك دروست بووە لە مێشکت جیاوازی لەگەڵ ئەوەی پێشتر هەبوو، ئەوە بەرهەمی قیرائەیە، لۆ نموونە مۆدێلات، ئایا دەزانن کە مۆدێلات بە چی دروست دەبێت؟ مۆدێلات بە قیرائە دروست دەبێت، جۆراوجۆری لە هەموو شتێك بە قیرائە دروست دەبێت، لۆ نموونە ئێستا هەرچەندێك لە پەرەسەندنەکان لە نێو بووندا هەیە، لە نێو گەردووندا هەیە، هەرچی شتێکی هەیە بەرەو پێشەوە بچێت، جا هەرچییەك بێت، ئەوا بە قیرائە دەکرێت، لە لایەکی دیکەش هەرچی بەرەو خراپی ببرێت دیسان ئەویش بە قیرائە دەبێ. هەموو شتێك توێژینەوەی تێدا بکرێت و دەماغی مرۆڤی تێدا ئیش بکات و بەروبوومی هەبێت جا چ ئەرێنی یان نەرێنی ئەوا بە قیرائە دەکرێت، لۆ نموونە لە کۆندا چەك بە چەقۆ و شمشێر و ئەو بابەتانە جەنگ دەکرا، مەسەلەکە پەرەی سەند ئێستا کلاشنکۆف بەکاردێت، پێشتر دەبووا کابرا شیر بەکاربێنێ یان خەنجەر بەکاربێنێ، دەبووا دوژمن بەرامبەر دوژمنبووایا و نێوانیان (20-30) سانتیمەتر بێ، ئێستا نێوانیان زیاتر لە (70) مەترە و بگرە زیاتریشە، بە گولە دەتوانێت بیپیکێ و بیکوژێت، ئەمە هەمووی قیرائەیە، بەڵام قیرائەکردنێکی نەرێنی بوو، ئەوەبوو نۆبل قیرائەیەکی نەرێنی کرد ئەنجامەکەی ئەوەبوو قومبەلەی دروست کرد، کە (tnt) دروست کرد، ئەمە هەمووی لە ئەنجامی قیرائە بوو، باسی ئەدیسۆن باسێکی دیکەیە، پێشکەیەك هەیە لە وەرزی هاوین لە پشتی ڕووناکییەکی دەردەکا، زۆر کەس بینیویەتی، ئەدیسۆن ئەمەی بینی، هەڵسا قیرائەی کرد، دەڵێن گوایا (10000) ڕێگەی تاقیکردەوە لۆ دروستکردنی گڵۆپ، ئینجا توانی گڵۆپ بدۆزێتەوە، بابەتەکە خۆی هەبوو بەڵام بە قیرائەکردن دۆزییەوە، گڵۆپی یەکەمیش زۆر زەبەلاح بوو، دواتر هێدی هێدی کارگە دروست بوون و دروستیان کرد، ئینجا گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ هاتەکایەوە و گڵۆپی نیۆن و...، کەواتە ئەدیسۆن قیرائەی کرد ئینجا ئەو گڵۆپەی بەرهەمهێنا، نۆبل قیرائەی کرد قومبەلەی دروست کرد، گوتمان مۆدێلات هەمووی بە قیرائە دروست دەبێ، خواردنە جۆراوجۆرەکان هەمووی بە قیرائە دروست دەبێت.

**چ شتێکە وا دەکات ئەنجامی قیرائەکردنەکە باش بێت یان خراپ بێت؟**

کەواتە هەرچی چاکەیە لە دونیا بە قیرائە دروست دەبێت و هەرچی خراپەیە لە دونیا ئەویش بە قیرائە دروست دەبێ، دەرەنجام دەگەینە ئەوەی کەوا قیرائە بنەمای توێژینەوە ولێکۆڵینوەکانە و هەنگاوی یەکەمە، ئینجا ئایا ئەو زانستیبوون و بابەتیبوونە لۆ باشە بەکار دێت یا لەبۆ خراپە بەکاردێ کێشە نییە، ئینجا ئەوەی قیرائەی چارە دەکات و دەستنیشانی دەکات (إقرأ)ە، قیرائەی باشیش ئەوە دەستنیشانی دەکات بە ناوی (ربك)ە بێت (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1) ئەوەیە بەروبوومی

دەداتێ و ئەنجامی پێدەبەخشێ، ئایا پیاوخراپەکان و پیاوکوژەکان و ستەمکاران و زۆردارەکان و لەخۆڕا ستەم دەکەن و سیستەمی تایبەتییان هەیە؟ ڕاوێژکاریان هەیە و زانایان هەیە، ئەوانە هەمووی دادەنیشن و بیردەکەن، نەخشەیان هەیە و ئامرازیان هەیە و ئامرازەکانی هەواڵگری لە جیهاندا چەندە پەرەیسەندووە، هەموو ئەمە بە چی؟ هەموویان ئەمانە زانان و ئەو زانایانە سەدەها زانای فیزیا و کیمیا و زیندەزانی هەموو ئەمانە لە تاقیگەکاندا دادەنیشن و بیردەکەنەوە بەردەوام کەوا چۆن شتێکی خراپ بەرهەمبێنن، شت هەیە کەوا لەوانەیە کە نەتانبیستبێ، لە تاقیگەکاندا کاری لەسەر دەکرێ، ئەمانە هە مووی لە ڕەهەندی زانستی ئەکادیمییە، بەڵام لەبەرئەوەی لە بواری ئاخاوتن ناکات، و (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ)ە نییە، و ئەوەی تەماشا دەکرێت بە چاوی خەلق تەماشا ناکرێت، لەبەرئەوەیە ئەمانە هەمووی ئەنجامی نەرێنی دروست دەکات، بەڵام ئەگەر هاتوو (اقْرَأْ)ەکەی کرا بە (بِاسْمِ رَبِّكَ)ە بوو، و ئەو ڕێسایەی کە بەهۆیەوەی پێیدەڕوانرێت(خلق) بوو هەڵبەتە ئەنجامەکانی ئەرێنی دەبێ، بێگومان ئەمەش گفتوگۆ هەڵناگرێت.

**ئامانج لە قیرائەکردن ناسینی (رب) و (الخالق)ە**

لۆیە ئێمە کە دێین و قیرائە دەکەین بە چاوی خەلق تەماشای مەخلوقات دەکەین، ئێمە دەمانەوێت پەروەردگار(رب) بناسین، هەوڵدەدەین (رب) بناسین وەك خۆی بە ڕاستەقینەیی، چونکە ئەو (رب)ەی کە دایك و باوك و خزم و کەس و ناسیارانمان و کۆمەڵگە و فڵان و فڵان... لە مێشکی دایناوین ئەوا ئەو ڕاستەقینە نییە وەك خۆی کە هەیە، تەنیا لە ڕێگەی خەلقەوە و بەهۆی قیرائەی خەلق ئێمە (رب)ە ڕاستەقینەکە دەناسین، کەواتە قیرائە لۆ مەخلوقاتە، ئێمە قیرائە دەکەین تاکو خالق بناسین، کابرایەکی دیکە دێت و قیرائەی مۆدێلێك دەکات لە سەر مێزی تیفصاڵ بڕین توێژنەوەی لەسەر دەکات، چۆن بزانێت فڵانە جۆر تەنورە بەرهەم بێنێت، ئایا وای لۆ دەچن ئەو پانتۆڵە کابۆیانەی کە جحێڵەکان لەبەری دەکەن، بەبێ قیرائەکردن هاتبێتە کایەوە؟ وەستایەکان لۆی دانیشتوون، (مەعزەرەتم هەیە تکرمون) پێڵاوی ئافرەت زانایانی دەروونی و و کۆمەڵناسان و شارەزایانی بواری ڕەنگ ئەمانە هەموو دەبنە ئەندازیار و ئەوان بەرهەمی دێنن، لەوانەیە کەسانێك کە لەم بوارە کاردەکەن، ئەوان زیاتر لە مەسەلەکە حاڵی دەبن، تەنانەت هەر وەرزێك ڕەنگی خۆی هەیە، واتە شارەزایان دادەنیشن لۆ هەر وەرزێك لۆ نموونە بازاڕەکانی ئیتاڵیا دەیانەوێت فیستانێك دروست بکەن، ئافرەتی خاوەن مۆدێل و ئەزموون لەگەڵ زەلامەکان هەموو دادەنیشن و بیردەکەنەوە کە لۆ ئەو وەرزە کە زستان بێ ئایا چ ڕەنگێك و چ پانتۆڵێك دروست بکرێت، ئەمانە هەموی پێیدەگوترێت قیرائەکردن، یان کۆمەڵێك ئافرەت هەوڵدەدەن چێشتێك بەرهەمبێنن و داهێنانی تێدا بکەن لە بریانی، داهێنان لە ڕەنگ و تامی بکەن، دادەنیشن بیردەکەنەوە لە ماددەکە، ئەمەیە قیرائەکردن، بەڵام قیرائەکردنێکی بەرهەمدارانەیە.

ئەگەر بمانەوێت خودا(ﷻ) بناسین دیسان لە ڕێی قیرائەوە خودا(ﷻ)ی دەناسین، چۆن و بە چ ڕێگەیەك؟ چیێتی(ماهیة)ی خوداناسین خەڵقە، چیێتی قیرائەی بریانی برنجەکەیە، چیێتی قیرائەی مۆدێل بڕین مێز و مەقەسە.

**ئێمە کو خودای دەناسین؟**

دەمانەوێت خودا(ﷻ)ی بناسین ئێمە کو خودای دەناسین؟ بەهۆی قیرائە، قیرائەی خەلق دەکەین و بەمە خودای ڕەحمان دەناسین، لۆیە ئێمە کە دێین دادەنیشین بیر لە مەخلوقات دەکەینەوە، دەپرسین ئایا کێ خاوەنییەتی؟ کێ خالقییەتی؟ کێ بەڕێوەی دەبات؟ کە بە بەردەوام خاوەندارێتی دەکات، هەڵبەت وشەی (رب) بەرهەم دێت، لەبەرئەوەی ئەو مەخلوقاتانە بەردەوامن لە ئیش، کەواتە خالیقەکەشی دەبێ لە ئیشی خۆی بەردەوام بێت کە بریتییە لە خالقییەت و ربوبییەت، ئەگەر ئێمە ڕاهێنانمان لەسەر ئەمە کرد و لەسەر ئەو قیرائەیە بەردەوام بووین، ئەوا ئێمە لە ماوەی سەرەتا لەوانەیە یەك خولەك بتوانین ئەنجامی بدەین، ئەو بوونەوەرەی کەوا فێڵی لە ئادەم(علیه السلام) کرد هەر ماوە و لە هەوڵی ئەوەیە فێل لە ئێمەش بکات، لۆیە لەسەرەتا لەوانەیە ئەو یەك خولەکەش زۆر بە زەحمەت بتوانین قیرائە بکەین، بەڵام ڕاهێنان دەکەین لە سەری و وازناهێنین، دەیکەینە دوو خولەك و سێ خولەك و دە خولەك هێدی هێدی زیاتری دەکەین، تا وای لێدێت هەرچی مەخلوقێك ببینین خودامان بیر دێنێتەوە، کەواتە بەرهەمی قیرائەی چی بوو؟ قیرائەی مەخلوق بووە مایەی دروستکردنی(إسم ربك)ە.

**یادکردنی پەروەردگار چییە؟**

ئینجا (إسم ربك)ە دەبێتە (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ)(المزمل8) ئەمە ڕیزبەندیی و زنجیرەیە، بە مانایەکی دیکە ئەوەندە لەگەڵ مەخلوقات جووڵە دەکات وای لێ دێت هەموو کاتێکی لەگەڵ مەخلوقاتە، لۆ نموونە ئێستا کە سەیری ئێوە بکەم یەك کۆمەڵ چاو دەبینم،

ئەم چاوانە هەمووی مەخلوقن، یەك كۆمەڵ دەم دەبینم و كۆمەڵێك وردەكاری جەستەی مرۆڤەكەی دەبینم كە هەمووی مەخلوقاتن، ئەمانە هەمووی خودام بە بیر دێنێتەوە، كە ئەوە مەخلوقە، كەواتە خالقێكی هەیە، جا خالقەو مەخلوقی هەیە، خالقە و مەخلوقی هەیە، خالقەو مەخلوقی هەیە، ئەمە هەمووی دەبێتە(اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق1)، دەگاتە حاڵەتێك ئەو ڕاهێنانە بەردەوام دەبێت، تاكو پێویست بەوە ناكات من وا بڵێم هەمووی خالقیان هەیە، هەر كە چاوەكانم بینی و مرۆڤەكانم بینی بە گشتی خودام دێنێتەوە یاد، بەمە دەگوترێت: (وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّك)(المزمل8)، لە ڕێگەی مەخلوقەكان ناو(إسم)ی خودا(ﷻ)م بیردێتەوە، بە هۆی بەرامبەرەكانم خودام بیردێتەوە، ئینجا لەم ناو(إسم)ەش بەردەوام دەبم ڕاهێنان، ڕاهێنان، ڕاهێنان...، تاكو دەگەم بە حاڵەتێك ناو(إسم)یش نامێنێ: (وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيراً)(آل عمران41)، ئەو (رَّبَّكَ)ە هەموو كاتەكە، (إسم)یش نەماوە لێرە، من بە ڕاددەیەك قیرائەم كرد (إسم)ی (رب) لەناوەوەم دروست بوو.

## لەگەڵ خودابوون (مع الله)

پاشان ئەوەندە (اسْمَ رَبِّك)ەشم دووبارە كردەوە ، ئەو كاتی هەر لە بنەڕەتدا پێویستم بە (إسم) نامێنێت، واتە پێویست ناكات لێرە بڵێم (قادر)ە، لێرە بڵێم(علیم)ە، لێرە (خبیر)ە، لێرە(رحمن)ە، لێرە (رحیم)ە، ئەمانەی هێچێكی پێویست نییە یەكسەر و هەموو كاتێك وام لێ دێت لە خزمەت خودای دەبم، هەموو كاتێك كە جووڵەی دەكەم لەگەڵ خودای پیاسەی دەكەم، لە خزمەت خودای(ﷻ) دەچمە حەمام، ئینجا لە خزمەت خودای نان دەخۆم و لە خزمەت خودای بەردەوام، بەردەوام لە خزمەت خودای، ئەوەیە وشەی لەگەڵیبوون (المعیة)(أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَى ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَى مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْثَرَ **إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ** أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ)(المجادلة7)، دەفەرمووێت ئەگەر سێ كەس لەگەڵ یەكتر قسەیان كرد بە نهێنی چوارەمیان خودایە، لۆیە زۆرجار دەڵێم ئەگەر دەرفەت ڕەخسا لە شەوان لەگەڵ خودای قسان بكەن، مەبەستم چییە؟ چونكە خودا(ﷻ) بە ڕاددەیەك لە مرۆڤ نزیكە كە هەستی پێ ناكرێت بەڵام ئەگەر مرۆڤەكە لە خودای نزیك بێت.

ئەو وێنەیەی كە لە مێشكمان هەیە دەیگۆڕین ، ئەو كاتە ئاو شتێكی سروشتی نابێت، ئاو هاوكێشە كیمیاییەكەی بریتییە لە ($H_2O$)، ماددەیەكیان دەسوتێت كە هایدرۆجینەكەیە و ئەویتریان كە ئۆكسجینە یارمەتی سوتان دەدات، كەچی بۆتە ئاو و ئێمە دەیخۆینەوە، بەڵام لەبەرچی سوتان ڕوونادات؟ لە كاتێك ماددەیەكیان دەسوتێت و ئەوەی تریان یارمەتیدەرە لە سوتان! ئەگەر كیمیاوییانە باسی بكەین، بابەتەكە ئۆربیتالاتە یەكێك لە ئۆربیتالەكانی هایدرۆجین كەمە، ئۆكسجینەكە لۆی پڕدەكاتەوە، بە ئاسانی ئەم دووە هایدرۆجین و ئۆكسجینە دەتوانین لە تاقیگە لێكیان جیا بكەینەوە، دەكرێ بتەقێتەوە، بەڵام ئەوەی كە خودا خەلقی كردووە لەم دوو دانە گازە هەردەم یەكتری دەگرن، هێزی كێشكردنی نێوانیان (الجذب) زۆر بە هێزە، بە مانایەكی دیكە هێزی یەكتری خۆشویستنیان ئەوەندە بەهێزە كە بەهیچ شتێك لێكجیانابنەوە، تەنیا بە دەست خستنەناوی مرۆڤ نەبێت، واتە دەستی مرۆڤ وای لێدەكات. ئێمە گوتمان ئاو سروشتییە؟ ئاو سروشتی نییە، دوو هێزی تێدایە كە یەكێكیان دەسوتێ و یەكێكیان یارمەتی دەرە لە سوتان، ئینجا ئەگەر خودای ڕەحمان فەرمان بە ئاو بكات بسوتێ ئەوا هەرچی دڵۆپەكانی ئاوە لەسەر گۆی زەوی دەبێتە موشەكی ناوكی: (وَإِذَا الْبِحَارُ فُجِّرَتْ)(الانفطار3)، لە بەرچی وشەی تەقینەوە(فجرت)ی بەكارهێناوە؟ (تفجیر) واتە ڕۆژێك دەبێتە موشەك و ئەو ئاوە هەمووی دەتەقێتەوە، هەموو گەردیلەكانی ئاو دەبێتە قومبەلە و دەتەقێتەوە، لۆیە زەوی هەمووی دەبێتە ڕووتەختێك و زەوی هەمووی وەكو سێنییەكی لێ دێت، ئێستا گۆییە، دوای تەقینەوەكان ئەم زەوییە پان دەبێتەوە، لۆ؟ چونكە موشكێكی زۆری لەسەر دەتەقێتەوە و دەبێتە مایەی تەختكردنی.

### مەخلوقەكان سروشتین یان خولقێنراو؟

ئەگەر كردەییانە ویستمان دەستی خودای لەناو ئاو ببینین، ئایا دەكرێت ئاو بە سروشتی ببینین؟ ناشێت، تەنانەت لۆ ڕووەك وشەی سروشتی، ڕووەكی خۆڕسك ئەو وشەیە دەبێ ڕاست بكرێتەوە، دەبێ ببێتە خوا ڕسك، خودا(ﷻ) دروستیكردووە، لە جێگەی وشەی سروشتی(طبیعي)دەبێ بڵێین خولقێنراو(خلیقي)، واتە ئەوانە مەخلوقن، ئیجا بەو چاوەش تەماشای خواردن دەكەین، بەوچاوەش تەماشای قەوارە (كیان)ی خۆمان دەكەین، لەبەرئەمەشە ئایاتی بەخۆداچوونەوەی مرۆڤ، لۆ ئەوانەی كە بە كردەییانە پێیان گوتراوە سروشتی لە قورئاندا گەلێك زۆرە، سیانزە ساڵ ئایەت بەو جۆرە هاتووە، ئەمە هەمووی قیرائەیە خودا بە مرۆڤەكەی دەكات، بەوەی (اسْمِ رَبِّكَ) لەلای دروست ببێت، (اسْمِ رَبِّكَ)ەش بیگەیەنێتە (وَاذْكُر رَّبَّكَ) پاشان (وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيراً)(آل عمران41).

**فەلسەفەی لەگەڵ خودا ژیان و بەبێ خودا نەژیان**

ئەگەر مرۆڤ هەموو کاتێك کردەییانە لە خزمەت خودای(ﷻ) بوو، ئایا گوناهـ دەکات؟ یان بۆی دەکرێت گوناهـ بکات؟ نەك گوناهی پێ ناکرێت بەڵکو ناتوانێت بەبێ خودا بژێیت، لۆیە بڕوای ئێمە بەم جۆرەیە مرۆڤی ئیماندار کاتێك قیڕائەی کرد و خودای ناسی، لە ئاستێك لە ئاستەکانی دەبێتە ئیمانداری حەق، ئیمانداری حەق ناتوانێت بەبێ خودا بژێیت، هەناسەی دەبێتە خودا، بە خودای هەناسەی دەدات، هەموو کاتێك لە خزمەت خودایە، دەگاتە ئاستێك بەبێ خودا بەرگە(تحمل) ناگرێت، خوداش(ﷻ) لەو ئاستە ناکرێت لەگەڵی بێت لێرە (رب العالمین) یەکسەر دەیگوازێتەوە ئاخیرەت، وەفات دەکات، ئەوە فلسەفەی مردنە لەلای ئێمە، کابرای کافر پێچەوانەی ئەمە بوو، بەڕاددەیەك ئازاری خۆی دەدات، دەگاتە ئاستێك ئازاردانی ئێرە کەمە لۆی، دونیاش هەر ئەوەندە ئازاردانەی هەیە، لۆیە (رب العالمین) دەیگوازێتەوە ئاخیرەت، بێ بەشی ناکا لەو شوێنە، لۆئەوەی کردەییانە لۆی قەرەبوو بکاتەوە، ئەوە مرۆڤەکە خۆی لەسەر خۆی ئەوەی چەسپاندووە.

ئێمە دەگەینە ئاستێك کردەییانە بەبێ خودا(ﷻ) ناتوانین بژین، هەموو کاتێك لە خزمەت خوداینە، وەکو خستمەڕوو، نووستن لەگەڵ خودایە هەستان لەگەڵ خودایە، خواردن لەگەڵ خودایە، لەبەرئەمە جوولەکەیەك گفتوگۆ لەگەڵ (عومەری کوڕی خەتاب)(رەزای خودای لێبێت) دەکات، دەڵێ دەزانن پێغەمبەرتان ئایینێکی سەیری لۆهێناون! عومەریش دەڵێ تازە دەزانی؟ ئەم ئاینەمان هەموو وردودرشتی ژیانمانی تێدایە، ئەویش دەڵێ تەنانەت لە (مەڕافقیش) خوداتان لەگەڵە، بیهێننە بەرچاوتان مرۆڤ (تکرم) کاتێك دەچێتە (مەڕافیق) ئەوەتا کە لاقی چەپی پێش دەخات دوعای دەکات یان نا؟ کاتێك دێتە دەرەوە دەڵێت: (الحمد لله الذي أذهب عني الأذى و عافاني) بەم جۆرە هەردەم لە خزمەت خوداین(ﷻ)، لۆیە هەموو کاتێك ئێمە دەبێ لە خزمەت خودا بین، لەبەرئەمەش ئێمە بڕوامان وایە کاتێك ئەو ئاوەی دەیخۆینەوە، یان ئەو خواردنەی دەیخۆین، ئەگەر هاتوو ناوی خودای لەسەر نەهێنین حەرام دەبێت، لۆ؟ چونکە لۆ نموونە کاتێك کە گۆشت دەخۆین، ئەو پارەیەی کە داومانە حەقدەستی کابرای قەسابە، پارەی گۆشتەکەمان نەداوە، گۆشتەکە هی خودایە، پارەکەی داومانە تەنیا حەقدەستی کابرایەکەیە کە چاودێری کردووە و گەیاندوویەتییە ئەو ئاستە کە سەربڕاوە، و هاتۆتە بەردەممان! ئێمەش هەڵساوین پارەی کابرامان داوە، بەڵام حەقی خودای چۆن دەدەین؟ بە: (بسم الله الرحمن الرحیم)، کامە الله؟

لۆ العزیز القدیر نەبێت؟ دەپرسین لۆ العزیز القدیر نەبێت؟ لۆ (الرحمن الرحیم) بێت؟ لە هەموو خواردن و خواردنەوەیەك (الرحمن الرحیم)ە هۆکار چییە؟

وەڵام: لەبەرئەوەی ڕەحمی پێکردووین کە بتوانین ئەو خواردنەی بخۆین و لۆمانی حەڵاڵ کردووە بەم (بسم الله)یە.

لە وەڵام نزیك بوویتەوە.

وەڵام: بە ماددەیەکی وا خەلقی کردووە کە هەرچی ئامرازەکان هەیەو ئاسانکاری چوونە خوارەوە هەیە، لە دەمی دەچێتە خوارەوە، لە لینجە و لە ماددەی ئەنزیمەکان و هەتا کۆتایی پێدەهێنێت، هەمووی خودا(ﷻ) هەر بەخۆی دەیکات.

ڕاست دەکەن، بەڵام سەدەها هۆکاری دیکەش هەیە و ئەوەی بە مێشکتان دێ و نایەت ئەوا (رب العالمین) کردوویەتییە هۆکارێك لۆی، لەبەرئەمەیە بە (الرحمن الرحیم) ناوی دێنین.

دەپرسم کێ بەم جۆرە دەکات؟

بڕواتان هەبێ گرێنتیتان دەدەمێ ئەو کۆمەڵەی لێرە دانیشتووە ئەگەرهاتوو لەسەر ئەو پەیڕەوەی بڕوات، ئەوەندە هەمووی بەسە لۆ ئەوەی لۆ شاری هەولێر ببێتە هۆکاری ڕێنموونیکردنیان، هەر ئەم کۆمەڵەشی بەسە و ئەوەی لە ئێوە بگاتە ئەو ئاستەی کە باسمان کرد، خودا دەیکاتە بەڵگەیەك لە بەڵگەکان لۆ (هداية و توفيق و رحمات)، هەریەکێك لە ئێوە بگات بەم ئاستەی (وَاذْكُر رَّبَّكَ كَثِيراً)(آل عمران41) ئەوا خودا دەیکاتە هۆکاری (هداية و توفيق و رعاية)ی کۆمەڵێکی گەلێك گەورە، هیوام بە خودا زۆرە کە لەم کەسانە بن، کەس پرسیاری هەیە؟

پرسیار: بە کرداریکردنی قیڕائە، ئەمەمان کەمە، من ئێستا زانیارێکم لەلایە بەڵام من بە کرداریکردنی قیڕائەم نییە، واتە چۆن و چ کاتێك بیکەم؟ ئینجا جار هەیە کردوومە شەو هەڵساوم بەڵام دوای ماوەیەك سارد بوومەتەوە، دواتر دیسان کردوومە ، پاشان لەبیرم چۆتەوە؟

وەڵام: ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن، ئێستا شیکاریان دەکەین، ڕیگەی قیڕائەم باسکرد، کە کۆمەڵێك زانیاری لە مێشکمان هەیە، دەبێ ئەم زانیارییانە بگۆڕین، لۆیە وشەی سروشتی و خەلقیم باسکرد، ئێمە دەبێ وێنەکان لە مێشکمان بگۆڕین، ئایا ئەو بارانەی لە ئاسمان دێتە خوارەوە، بە هۆی بە هەڵمبوونی ئاوی دەریاکان، تیشکی خۆر لە دەریا دەدات و بەمە بڕێك ئاوەکەی دەبێتە هەڵم و هەڵمەکەش دەچێتە ئاسمان و دەبێتە هەور، هەورەکەش بەهۆی با جووڵە دەکات و بای ساردتری بەردەکەوێت و چڕبوونەوە دروست دەبێت و دەبێتە باران و دێتە خوارەوە، ئەم باسەی خستمەڕوو دەربارەی باران ئەمە فیزیاوییە و دەستی خودای تێدا نییە، وێنەکە بەم جۆرەیە، دەپرسم ئەی ڕۆڵی خودای لەم پرۆسەیە چییە؟ هەر خودایە(ﷻ) خۆری خەلقکردووە و دەریای خەلقکردووە، ئینجا ئەگەر ئەمەت ئەنجامدا ئەوا قیڕائەت کردووە، ئەوەیە کردەوەی قیڕائە، ئینجا بەردەوابوون لەمە و بەردەوامی تێیدا دەبێتە قیڕائە، نەك تەنیا بابەتی باران و بەس، بەڵکو هەمو شتەکان بەم جۆرە، لەبەرئەمە (سبحان الله) پێغەمبەرمان(علیە السلام و البرکات) کاتێك یەکەم سات باران دەباری چی دەکرد؟ کاتێك باران دەباری دەستی موبارەکی درێژ دەکرد لۆ دڵۆپە یەکەمینەکانی بارانەکە و دەموچاوەی موبارەکی پێ تەڕ دەکرد و دەیفەرموو دڵۆپەکانی یەکەمی بەفەڕ و بەرەکەتە، چونکە یەکەم دڵۆپەکانن فەرمانی خودایان جێبەجێکردووە بە بارینیان، ئەگەر لەم هەڵوێستەی وردببینەوە هەست دەکەین کەوا چەندە لە خودای نزیکە، چەندە لەگەڵ خودایە، ئینجا ئەم خولی ئاوەی کە لەسەر زەوی ڕوودەدات وەك فیزیا و کیمیاگەران ناویان ناوە، ئەوە لە مێشکی نەبووە.

لەم پرسیارەی پێشتر کاتێك گووتی قیڕائە دەکەم و یان سارد دەبمەوە و یان لەبیرم کردووە، هۆکارەکەی خۆیەتی و بۆخۆی دەگەڕێتەوە، خودای ڕەحمان ڕێگەکەی بەمجۆرە داناوە. لۆ نموونە لەبەرچی لە بیری ناچێت هەفتەیەك نان نەخوات؟ یان لۆ لەبیرناکات لۆ ماوەی (48) کاتژمێر ئاو نەخواتەوە؟ یان شلەمەنی نەخواتەوە؟ لۆ چەندین شتی لەم جۆرەی لەبیرناچێتەوە، کەواتە هۆکار هەیە وا بکات لەبیری نەچێت، کێ وای لە ئادەم کرد تا لەبیری بچێتەوە؟ بوونەوەری سێیەم ناومان نەهێناوە هەتا ئێستا، نەمگووتوە شەیطان، چونکە کارم پێیەتی، ئەگەر گۆتم شەیتان واتە ناوم لێناوە، من گوتم بوونەوەرێکی زیرەك، لۆیە بوونەوەری زیرەك بە دەووروبەرمان گەلێك زۆرە، گەلێك زۆر، کە وا دەکەن ڕێگەی قیڕائەمان لەبیر بچێت و ڕاهێنانی قیڕائەمان لەبیر بچێت نەتوانین بەردەوام قیڕائە بکەین.

مرۆڤ لەدوای خودای توانایەکی زۆر زەبەلاحی هەیە، مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە کە ئەگەر چاوەکانی بنوقێنێ خۆی بە چەند ساتێك لە ئەمریکا ببینێتەوە، یان چاوەکانی بنوقێنێت و بە چەند ساتێك خۆی لە ئەمریکا بدۆزێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی نەناسیوە و خۆی نەدۆزیوەتەوە، ئەم کارانە لە پێشی بۆتە ئەستەم، ئەگەر بپرسن لۆ خۆی نەدۆزیوەتەوە؟ ئەوا دەڵێم چونکە قیڕائەی نەکردووە بە (بِاسْمِ رَبِّكَ)، قیڕائەکردن زۆر پێویستە، واتە قیڕائەیەکی چەسپاو و قیڕائەیەکی واقیعییانە، و ڕاستەقینانە، قیڕائەیەکی زانستییانە، ئەگەر بێتو کابرای کە کارەبای دروست کرد، جاری تریش گووتوومە ئەگەر ئەو کەسە ئیماندار بووایا کارەبا مرۆڤی نەدەگرت! زۆرشت هەیە کە مرۆڤی ئیماندار نەیکردووە لەبەرهەندێ مرۆڤایەتی بەشخوراو، و ستەملێکراو دەرچووە، هەندێ توانا هەیە لێرە کە دانیشتووین، وزەی لەم جۆرە هەیە کەوا من پەنجەم جووڵە پێبکەم ئێرە ببێتە سەبوورە و ئێوەش بیبینن!

- ئێستا ئەو شتە دروستکراوە!

من باسی لەندەنتان لۆ بکەم یەکسەر وا بکەم و لە نێو دەستەکانم لەندەنتان پێ نیشان بدەم! و خەڵکی لە نێوی هاتووچۆ بکەن و...، ئەمە هەموو وزەو توانایە لەلای مرۆڤ! ئەمانە توانستە و خودا(ﷻ) دەیداتە مرۆڤ، بەڵام زۆر بەداخەوە لەگەڵ خۆمان دەیبەینە ژێر گڵ، هەر ئەوەشە لە کۆنەوە گووتیتم ئێمە لە ڕۆژی دوایی لێپێچینەوەمان لەگەڵ دەکرێت، لەسەر نوێژ نییە و لەسەر ڕۆژووگرتن نییە، لەسەر حەج و زەکات نییە، لەسەر ئەوەیە کەوا ئێمە نەبووینە پێشەنگی مرۆڤایەتی لەم جۆرە شتانە، بەڵکو ئێمە هەردەم پاشکۆ بووین!

من دوێنی لە خزمەت فەرموودەیەك بووم لە بوخاری، پێغەمبەرمان شتی ڕابردووی وەك ڕاستەقنەییانە هێناوەتە بەردەم هاوەڵان، نەك لۆ ئەو سەردەمەی تێیدابوونە نەخێر، بەڵکو لۆ سەردەمی ڕابردوو، پێغەمبەر موسای بینیوە، نیشانی هاوەڵانی داوە، ئەوە موسایە و دەیەوێت بچێتە تەواف، فلانە شتیشی لەبەرە، ئەوەی باس دەکرێت بە دەرسا(معجزة) ناودەبرێت، بەڵام ئەمانە موعجیزە نین، بەڵکو ئایاتن، لەلای ئێمە موعجیزە نییە، لەلای ئێمە ئایات هەیە، پێشتریش گووتوومە، لۆ ئایاتە و موعجیزە نییە؟ چونکە دەشێ دووبارە ببێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە تێڕوانینمان لۆ قورئان،

تێڕوانینمان لۆ خودا(ﷻ) و تێڕوانینمان لۆ پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بەم جۆرە نییە کە پێویستە وابێت، کە بەم جۆرەی پێویست نییە ئینجا بە سەیریی پێوانەیان دەکەین.